کوردستان نێت
KURDISTAN NET
ڕۆژنامەیەکی ئەلەکترۆنی ڕۆژانەی کشتی سەربەخۆی کوردییە
www.kurdistannet.org
بەکاتی ناوەندی ئەورووپا 21:28 13-11-2007

## توركیا و هەرێمی كوردستان ... عەزیز ڕەئووف

حکومەتی هەولێر پێویستە چاك بیر بكاتەوە پێش ئەوەی ڕكەبەری دراوسی توركیەكەی بكات، پێویستیشە وەڵامی پرسیارە سەرەكیەكان بداتەوە، ئایا دەتوانێت جەنگەكە بەرێتەوە؟ ئەی نرخەكەی چەندە؟ ئایا هیچ هێزێك پشتیوانی لێدەكات؟ ... عەبدوڵەحمان ڕاشد

ئەم كۆتەیشنەی نوسەری عەرەب عەبدوڵەحمان ڕاشد پێویستی بەوە هەیە لەسەری هەڵوێستە بكەین و لە ماناو مەغزاكانی بڕوانین. ئەم نوسەرە پێی وایە كە سەركردایەتی سیاسی كورد "چاك بیر ناكاتەوە" و بە جۆرێك لە جۆرەكان پشت بە گوتاری حەماس دەبەستێت، كە ئەمەش بێشك بە گوتاری سەركردایەتی سیاسیەوە دیارە و سەبارەت بە ئەگەری ڕووداوەكان پێشمەرگانە بیر دەكاتەوە.



مامەڵەكردنی دبلۆماسی و دیالۆگ لەگەڵ دەوڵەتانی دراوسی یەكێكە لە وەزیفە هەرە سەرەكیەكانی دەسەڵاتی كوردی لە هەرێمی كوردستان، چونكە سادەترین كەس ئەو ڕاستیە دەزانێت گەر پەیوەندی دبلۆماسی و دیالۆگ لەئارادا نەبێت، ئەوا گەر نەڵێین شەڕ لە ئارادایە ئەوا بێشك شتێك هەیە بەناوی بارگرژی و ناتەندروستی پەیوەندیەكان.

یەكێك لەو دەوڵەتانەی كە بێشك پێویستی بەوە هەیە هەرێمی كوردستان بە شێویەیەكی تەندروست پەیوەندی خۆی لەگەڵدا بتەو بكات وڵاتی توركیایە. ئەم دەوڵەتە كورد نیە لە هەر شوێنێكی جیهان نەزانێت كە نیەتیان بەرامبەر بە دۆزی كورد نیەتێكی تەواو خراپە. هەمیشە توركیا لەودیو سنورەكانەوە هەڕەشە لە هەرێمی كوردستان دەكات گەر ببێتە دەوڵەتێكی سەربەخۆ ئەوا بێ دوودڵی لەباری دەبات. بەڵان ناتوانین لەو ڕاستیە ڕا بكەین كە توركیا بە هەموو خراپیەكانیەوە، بە هەموو عەقڵە شۆڤێنیەكانیەوە دراوسێمانن و كەم تا زۆر لە ئارامی و نائارامیەكاندا لەگەڵماندا هاوبەشن.

من بڕوام وایە كە سیاسەتكردن لەگەڵ توركیادا لە هەر دەوڵەتێكی تری ئەم جیهانە گرانترە، ئەم دەوڵەتە سیاسەتێكی ڕوونی نیە تاكو ڕێبكەوین لەگەڵیدا. هەموو دەزانین بوونی چەند هەزار چەكداری

ئەو نووسینانەی لە كوردستان نێت دا بڵاودەكرێنەوە، بیروبۆچوونی خاوەنەكانیانە، كوردستان نێت لێی بەرپرسیار نییە.

کوردستان نێت
KURDISTAN NET
ڕۆژنامەیەکی ئەلەکترۆنی ڕۆژانەی گشتی سەربەخۆی کوردییە
www.kurdistannet.org
بەکاتی ناوەندی ئەوروپا 21:28 13-11-2007

پەکەکە هەرگیز بیانوو نیە بۆ هاتنە ناو هەرێمی کوردستان، بەڵکو ئەم دەوڵەتە هەڵگری چەندین نهێنی گەورەیە لە هەناوی خۆیدا و دڵنیام بە چارەسەرکردنی کێشەی پەکەکە هەرگیز هەڕەشەکانی بۆ سەر کوردستانی عیراق تەواو نابێت. پێش هاتنی مارێنز بۆ عیراق ئەم دەوڵەتە بە ئاشکرا ڕایگەیاند کە دێتە کوردستانی عیراق و پارتە کوردیەکان چەك دەکات، ئایا ئەمە چ پەیوەندیەکی بە پەکەکەوە هەیە، تورکیا لەگەڵ دەسەڵاتی کوردەکاندا نیە لە هەرێمی کوردستان، ئەمەش چ پەیوەندیەکی بە پەکەکەوە هەیە؟ تورکیا بەرگری لە کەمینەی تورکمانی کەرکوك دەکات و کەرکوك بە بەشێك لە خۆی دەزانێت، ئەمەش هیچ پەوەندی بە پەکەکەوە نیە. لێرەوە دەڵێم ئاڵۆزیەك لە سیاسەتی تورکیادا دیارەو مامەڵەکردنیش لەگەڵ ئەم ئاڵۆزیەدا هەروا سانا نیە.

سەرباری ئەم نیەتە خراپانەی تورکیا سەبارەت بە هەرێمی کوردستان سەرکردایەتی سیاسی کورد پێویستی بەوە هەیە عاقلانە لەگەڵ ئەم دەوڵەتەدا مامەڵە بکات ئەمەش بە ئەنجامدانی دوو خاڵی سەرەکی:

یەکەم: ناتوانین ئەوە بشارینەوە کە پەیوەندی دبلۆماسی کورد-تورك پەیوەندیەکی تواو لاوازە و لە ماوەی ئەم شازدە ساڵەی دەسەڵاتی کوردیدا زۆر بە ئاشکرا ئەو پەوەندیانە هەست پێدەکەین. ئێمە با پرسیارەکانی عەبدوڵەحمان ڕاشد بکەینەوە: ئایا دەتوانین جەنگی تورك بەرینەوە؟ ئایا ئەوەی بنیادیشمان ناوە وێرانی ناکەینەوە؟ لەم شەڕەدا کێ پشتمان دەگرێت؟ ئەمانە کۆمەڵە پرسیارگەلێکن کە هەمووومان دەزانین ڕەنگە لەم جەنگە خوێناویەدا تەنها کورد باجەکەی بدات و ئەو ئارامیەی کە لە هەرێمی کوردستان هەیە بەهەدەر بڕوات.

دووەم: بەو پێیەی هەرێمی کوردستان هەرێمێکی دانەبڕاوە لە عیراق و ئیستاش زۆرێك لە پۆستە باڵاکانی عیراق بەدەست کوردەوەیە، ئەوا بێشك دەتوانن کێشەکە بەرنە پەرلەمانی عیراق و هەر خیتابێکی سەربازیش گەر لە ئارادا هەبێت ئەوا پێویستە وەزارەتی بەرگری عیراق قسەی هەبێت و کوردیش سود لەوە ببینێت کە سەر بە عیراقەو بەمەش ئەو بارە قورسەی کە لەسەر سەرکردایەتی سیاسی کوردە کەم تا زۆر سوك دەبێت.

هەرچەندە تورکیا یەك لەو دەوڵەتانەی ناوچەکەیە کە هەرگیز ڕازینابێت لەگەڵیدا ڕێبکەوین و ڕەنگە گەر ڕێکەوتنیش لەئارادابێت، ئەوا ڕێکەوتنێکی کاتی بێت، بەڵام دەبێت ئەو ڕاستیە بێنینە پێش چاوی خۆمان کە جگە لە ڕێکەوتن و دیالۆگ و مامەڵەی دبلۆماسی لەگەڵ ئەم دەوڵەتەدا هیچ ڕێگەیەکی ترمان لەبەردەمدا نیە، چونکە هەرچۆنێك بێت کورد بەرامبەر لەشکرە زەبەلاحەکانی ئەواندا کەمینەیە و هەڵگیرساندنی هەر شەڕ و بارگرژیەك لە ناوچەکەدا کورد زەرەرمەندی یەکەمە و بە درێژایی مێژووی کوردیش ئەزموونی تاڵمان لەگەڵ جەنگەکاندا هەیە.

گۆڕینی ئاراستەکانی سیاسەت لای بەرپرسانی کورد لە"پشتبەستن بە پێشمەرگە"وە بۆ "پشتبەستن بە پەیوەندی دبلۆماسی" یەکێکە لە وەزیفە سەرەکیەکانی دەسەڵاتی ئێمە و کار کردن بەم نەمەتە بێشك لە دیالۆگ و ڕێکەوتن نزیکمان دەکاتەوە، چونکە کورد بە شەڕ و هەڕەشەکردن لەم نیوەندەدا هیچی دەستناکەوێت.

azizrauf2003@yahoo.com

ئەو نووسینانەی لە کوردستان نێت دا بڵاودەکرێنەوە، بیروبۆچوونی خاوەنەکانیانە، کوردستان نێت لێی بەرپرسیار نییە.